فرمانی هەڵگرتنی فایلەکان و چۆنیەتی بەکارهێنانیان

فەیسەڵ بڵباس

لەهەموو بەرنامەو بەکارهێنانەکانی کۆمپیوتەردا ئەوانەی کە ڕێگەی دانانی داتاکان دەدەن وەک بەرنامەکانی نووسین و خشتە دروستکردن.. تایبەتمەندییەک هەیە بەناوی هەڵگرتن یان داکردن Save کە ڕێگە بە هەڵگرتنی ئەو نووسین و داتایانە دەدات کە لەسەر کۆمپیوتەر دروست دەکرێن و کاریان لەسەر دەکرێ بۆ ماوەیەک هەڵبگیرێن لەناو یەکێک لە یەکەکانی هەڵگرتنی سەر کۆمپیوتەر. زۆر گرنگە کە بزانین لە چ شوێنێک ئەو فایل و داتایانە هەڵدەگرین، بۆ ئەوەی لەکاتی گەڕانەوە بۆیان بەئاسانی بیاندۆزینەوە. گرنگی ئەو هەڵگرتنە و شوێنی هەڵگرتنەکەی ئەوکاتە باش دەردەکەوێ کە لەناو یەکەی سەرەکیدا هەڵبگری، چونکە گەورەترین یەکەی کۆمپیوتەرە بۆ هەڵگرتن.

دەکرێ ئەو فایلەی کە لەناو کۆمپیوتەردا هەڵیدەگرین وەکو فایلێکی کاغەزی ئاسایی سەیری بکەین و بێنینە بەرچاومان کە لەناو دەلاقەکانی کتێبخانەیەکی زۆر گەورەدا هەڵیدەگرین بەبێ ئەوەی بەوردی شوێنەکەی دیاری بکەین. لێرە دەبێ بیر لەو کاتە درێژ و ماندووبوونە زۆرە بکەینەوە بۆ دۆزینەوەی فایلێک کاتێک کە لەناو کتێبخانەیەکی وا گەورەدا هەڵدەگیرێ بێ ئەوەی شوێنەکەی دیار بێت. لەبەر ئەوە تایبەتمەندیی هەڵگرتن Save لەسەر کۆمپیوتەر یاسا و ڕێسای تایبەت بەخۆی هەیە کە لەکاتی بەکارهێنانیدا دەبێ بەوردی پەیڕەو بکرێ بۆ ئەوەی فایل و دۆکیومێنتەکان بەشێوەیەکی ڕاست و دروست هەڵبگیرێن. بۆیە لێرەدا خەریکی فێربوونی ئەو یاسا و ڕێسایانە دەبین بۆ هەڵگرتنی فایل و داتاکانی سەر کۆمپیوتەر:

سەرەتا یەکێک لەو بەرنامانەی سەر کۆمپیوتەرەکە دەکەینەوە کە تایبەتمەندیی هەڵگرتنی تێدابێ، بۆ نموونە بەرنامەی نووسین WordPad کە لەسەر هەموو کۆمپیوتەرێکدا هەیە کە سیستەمی ویندۆز بەکاربێنێ. بۆ کارپێکردنی ئەو تایبەتمەندییە دەچینە سەر کلیلی دەستپێک Start بۆ ئەوەی لیستەکەی بکەینەوە. لەناو ئەو لیستەدا کۆمەڵەی بەرنامەکان Programs هەڵدەبژێرین و لەناو لیستەکەدا بەرنامە پاشبەندەکان Accessories هەڵدەبژێرین و هەر لەوێدا کە بەرنامەی WordPad هەیە دەیکەینەوە. کە ئەو بەرنامەیە دەکرێتەوە هەر بۆ کارکردن لەسەری شتێکی تێدا دەنووسین و دێینە سەر ڕستەی ئامرازەکان لەسەرەوە و لەوێ کۆمەڵێک ناو هەیە وەک: File، Edit، View...

بۆ هەڵگرتنی فایلەکەی کە نووسینمان تێدا کردووە کلیک لەسەر فایل File دەکەین و لیستێکمان بۆ دەکرێتەوە کە کۆمەڵێک فرمانی تێدایە، لەوانەش فرمانی هەڵگرتن Save کە کلیکی لەسەر دەکەین، پەنجەرەیەکمان بۆ دەکرێتەوە بەناونیشانی هەڵگرتن بەشێوەی Save As کە ئەو تایبەتمەندیانەی تێدایە:

1 – شوێنی هەڵگرتنی فایلەکە: لەسەرەوەی پەنجەرەکە و لەناو لاکێشەیەکدا شوێنێکی بەتاڵ هەیە بەناوی Save in واتە لەناو ئەم شوێنەی هەڵگرە کە خۆت دیاریی دەکەی. ئەمە بۆ دیاریکردنی یەکەکانی هەڵگرتنە. لە سیستەمی ویندۆزدا کۆمپیوتەرەکە لەخۆیەوە شوێنێکت بۆ دادەنێ بەناوی دۆکیومێنتەکانم My Documents ئەگەر خۆت نەیگۆڕی ئەوا کۆمپیوتەرەکە ئۆتۆماتیکی فایلەکەت لەناو ئەو شوێنەدا بۆ هەڵدەگرێ، بەڵام ئەگەر بتەوێ لەشوێنێکی دیکەی هەڵگری، ئەوا دەبێ خۆت بۆی دیاریبکەی ئەویش بەوە دەبێ کە کلیک لەسەر ئەو تیرە بکەی کە لەکۆتایی بۆشاییەکەدا هەیە و لەوێ لیستێکت بۆ دەکرێتەوە کە هەموو یەکەکانی هەڵگرتنی فایلی تێدایە کە لەناو کۆمپیوتەرەکتدا هەن. پەنجە بە یەکێکیانەوە بنێ بەسەری ماوس دێتە ناو بۆشاییەکە و دەبێتە شوێنی هەڵگرتنی فایلەکەت. لەو کاتەی کە یەکێک لە یەکەکانی سەر کۆمپیوتەرەکەت دیاری دەکەی، لەناو پەنجەرەکە و لەبەرامبەریدا هەموو ئەو فایل و فۆڵدەرانەت نیشان دەدا کە لەناو ئەو یەکەیەدا هەڵگیراون. ئەگەر حەزت کرد لەناو یەکێک لەو فۆڵدەرانەی هەڵگری ئەوا دەتوانی کلیکی لەسەر بکەی بەمەش دەکرێتەوە و دەتوانی فایلەکەی خۆتی تێدا دابنێی وەکو لەخوارەوە دێ.

2 – ناوی فایلەکە: لەخوارەوەی پەنجەرەکە بۆشاییەکی دیکە هەیە کە لەبەرامبەریدا ناوی فایل File Name نووسراوە. لێرە دەتوانی ناوێک بۆ فایلەکەت بنووسی چ بەزمانی ئینگلیزی بێ یان کوردی و عارەبی. ئەگەر خۆت ناوی لێ نەنێی ئەوا کۆمپیوتەرەکە خۆی ناوێکت بۆ دادەنێ کە بەزۆری بریتیە لەچەند وشەیەکی یەکەم ڕستەی نووسینەکە یان ناونیشانی نووسینەکە. باشتر وایە ناوێکی بۆ دانێی کە لەگەڵ جۆری فایلەکەت بگونجێ بۆ ئەوەی بەئاسانی وەبیر بێتەوە لەکاتی پێو یستی دا.

3 – جۆری فایلەکە: لەبن شوێنی ناوی فایل شوێنێکی دیکەی بەتاڵی هاوشێوە هەیە بۆ دیاری کردنی جۆری فایلەکە بەناوی Save as type بەمە جۆری فایلەکەمان دیاردەکەین کە بە چ شێوەیەک هەڵبگیرێ، هەر فایلێک جۆری خۆی هەیە، بۆ نموونە: نووسین لە وێنە جیاوازە. سیستەمی ویندۆز لێرەدا یارمەتیت دەدا بۆ دیاریکردنی جۆرەکەی. بۆ نموونە ئەگەر نووسین بێ کۆتاییەکەی بە txt دەنووسێ بەمەش فایلەکە شوێنێکی زۆر لەسەر کۆمپیوتەرەکەت داگیر ناکات لەکاتی هەڵگرتنی دا. ئەگەر وێنە بێ ئەوا جۆری وێنەکەت بۆ دیاری دەکات، بۆ نموونە: JPEG.. خۆشت دەتوانی جۆرەکەی هەڵبژێری بەڵام باشتر وایە ئەمە بۆ کۆمپیوتەرەکەت بەجێ بێڵی.

4 – هەڵگرتن: ئەم فرمانە لەبەشی خوارەوەی لای ڕاستەی پەنجەرەکە هەیە و دوای ئەوەی هەموو فرمانەکانی دیکەت جێبەجێ کرد کلیکی لەسەر دەکەی و فایلەکە هەڵدەگیرێ لەو شوێنەی کە خۆا دیاریت کردبوو و بەو جۆر و ناوەی کە خۆت داتنابوون. ئەگەر نەتویست هەڵیبگری، لەبەر ئەوەی هێشتا کرداری دیکە ماوە لەسەری ئەنجام بدەی، ئەوا کلیک لەسەر پەشیمانبوونەوە Cancel بکە و پەنجەرەکە دادەخرێت. ئەگەر دوای تەواوکردنی گۆڕانکاریەکانت ویستت هەڵیگریەوە بەشێوەیەکی نوێ و بەناونیشانێکی تازە و لەناو یەکەیەکی دیکە ئەوا هەمان هەنگاوەکانی پێشتر دووبارە بکەوە.

بەم جۆرە هەر کاتێک ویستت بگەڕێییەوە سەر ئەو فایلەت ئەوا تەنیا بە وەبیرهاتنەوەی ناو و شوێنی هەڵگرتنی دەتوانی بە ئاسانی بیدۆزیەوە و بیکەیەوە.

تێبینی: فرمانێکی دیکە لەناو هەمان لیستی فایل دا هەیە بەناوی Save As ئەمەش هەر بۆ هەڵگرتنی فایلانە بەڵام جیاوازیی ئەوە لەگەڵ Save ی پێشتر لەوە دایە کە ئەمەی دوایی بۆ ئەوەیە کە فایلێکی هەڵگیراوت هەیە و دەیکەیەوە و هەندێک گۆڕانکاریی لەسەر دەکەی و دەتەوێ هەڵیگریەوە، بەڵام بەو گۆڕانکاریە تازانەوە، بەبێ ئەوەی فایلە ڕەسەنەکە دەست لێبدەی یان بیگۆڕی، ئەوا کلیک لەسەر Save As بکە و هەمان هەنگاوەکانی پێشوو جێبەجێ بکە، دەبینی فایلە گۆڕاوەکە بەتەنیا و لەلایەکی دیکە هەڵگیراوە و فایلە ڕەسەنەکەش هەر وەکو خۆی ماوە.

بەڕێوەبەری (ئەپڵ) پاداشتێک وەردەگرێت

کۆمپانیای (ئەپڵ)ی ئەمەریکی بۆ دروستکردنی کۆمپیوتەر، پاداشتێکی بۆ سەرۆکی جێبەجێکاری کۆمپانیاکە (تیم کوک) دیاریکرد کە بڕەکەی 378 ملیۆن دۆلارە. ئەو کۆمپانیایە ڕایگەیاندووە کە پاداشتی کوک بۆ ساڵی 2011 دەگاتە 378 ملیۆن دۆلار کە بریتیە لە بڕێک لە پشکەکانی کۆمپانیا کە بڕەکەی 376.2 ملیۆن دۆلارە دوای پێنج ساڵی کە وەریدەگرێت، لەکاتێکدا موچەی ساڵی پێشوو تەنها 900 هەزار دۆلار بووە. لەهەمانکاتدا کۆمپانیاکە ڕایگەیاند کە کوک چەند پشکێک بەستراو بە بڕی ملیۆنێک دۆلار لە مانگی ئۆگستۆس وەردەگرێت. بەپێی هەواڵەکەی ئەلئەنبائی کویتی، ئەنجومەنی کارگێڕی ئەپڵ کە (ئارت لافینسون) سەرۆکایەتی دەکات ئەم پاداشتەیان پێشکەش بە کوک کرد لەپای ئەوەی کە بەدوای کاری نوێدا نەگەڕاوەو کۆمپانیاکەی بەجێنەهێشتووە.

مەرجی بەشداربوون لە Google دەگۆڕدرێت

کۆمپانیای گوگڵ بڕیاریداوە، مەرجی کردنەوەی ئەکاونتی نوێ بگۆڕێت، بەوەی بەشداربووانی ناچار دەکات، بۆ کردنەوەی ئەکاونتێکی نوێ (Gmail) بەکاربهێنین، داواشدەکات بەتۆمارکردنی دۆسیەی تایبەتی خۆیان، دوای ئەو تۆمارکردنەش ڕاستەوخۆ پەیوەست دەبێت بەتۆڕی (گوگڵ پڵەس)ەوە. هۆکاری ئەم گۆڕینەش دەگەڕێتەوە بۆ زیادبوونی ژمارەی بەشداربوانی (گوگڵ)، کە (90) ملیۆن بەشداربووی تێپەڕاندووە، پێدەچێت ئەم گۆڕانکارییەش لەگوگڵ ڕووبەڕووی ڕەخنەی زۆر ببێتەوە، چونکە گوگڵ بەشداربووانی ناچار دەکات بەبەکارهێنانی هەندێک خزمەتگوزاریی وەک (بەڵگەنامەی گوگڵو یوتیوب). هەتا ئێستاش تۆمارکردن لەگوگڵ بەیاسا کۆنەکەیە بەردەوامە، بەڵام ئەمەش بۆ ماوەیەکی دیاریکراوە.

سیستمێکی نوێی ئایفۆن بۆ شوێن پێهەڵگرتنی قرشەکان

سیستمێکی نوێی هەردوو ئامێری ئایفۆن و ئایپاد توانای شوێن پێهەڵگرتنی ماسیی قرشی سپی هەیە لە ماوەیەکی کەمدا و ئەم سیستمە لەلایەن کۆمپانیای فۆلبرۆکەوە دروست کراوە کە یەک لە پسپۆرترین کۆمپانیاکانی تایبەت بە قرشە لە ئەمەریکا.

سیتسمەکە ناوی قرشی سپی ئێکسپیدیشن و لە بیرۆکەی مایکڵ دۆمێرە کە لە ماوەی ڕابردوودا ڕۆڵی گەورەی هەبوو لە دروستکردنی بەرنامەی پیاوانی قرش کە کەناڵی ناشیۆناڵ جیۆگرافیک پەخشی کرد.

دۆمێر گوتی ئەمە یەکەمینجارە خەڵک بتوانن چاودێری ماسی قرشی سپی بکەن لە ماوەیەکی تەواودا لە نزیکی خۆیان کاتێک مۆبایل یان لاپتۆپیان پێیە و ئەمە دەکرێ ببێتە ڕێگایەکی کاریگەر بۆ خۆپاراستن لە قرشەکان ئەگەر بتوانین ئامێری چاودێری لە ناو لەشیاندا دابنێین.

دومێر هەروەها گوتی، ئەو سیستمە نوێیە دەتوانێ چاودێری 20 تا 22 قرش بکات و ڕوونی کردەوە هەر ماسییەکی قرش لە ئایفۆنەکەتدا ببینی یەک لەو ماسییانەیە کە ئامێری چاودێریت لە لەشیاندا داناوە.

سیستمە نوێیەکە هەروەها یارییەکی منداڵانیشی تێدایە و نرخەکەی 3.99 دۆلارە و سوودەکەی بۆ ڕێکخراوی دۆمێر دەبێت کە دەڵێ نیازی هەیە یارمەتی زیاتری خەڵک بدات بۆ چاودێریکردنی قرشەکان کاتێک لە ناو دەریا و ڕووبارەکاندان.

سەرچاوە: سی ئێن ئێن

مۆبایلێک خاوەنەکەی دەناسێتەوە

بەپێی هەنگاوە گرنگەکانی بەرەوپێشەوەچوونی تەکنەلۆژیای زانیارییەکان کاتی ئەوە هاتووە ماڵئاوایی لەدانانی پاسۆرد بکرێت، تا پارێزگاری لەمۆبایلەکەت بکەیت تاوەکو لەلایەن خەڵکانی دیکەوە زانیارییەکانی نەبینرێت و نەدزرێت، لەبەر ئەوەی ئیتر مۆبایلەکان خاوەنەکانیان دەناسنەوە تەنها بەدەست بەرکەوتنیان، ئەمەش دەبێتە هێڵی بەرگری یەکەم دژ بەدزین.

لەمبارەیەوە وێبسایتی ئەلئەنبائی کوەیتی ئەوەی بڵاوکردووەتەوە، زاناکانی هەردوو کۆمپانیای (گۆگڵ)و (ئەپڵ)، توانیویانە مۆبایلێکی زیرەک پێش بخەن، کە لە توانایدا هەیە خاوەنەکەی بناسێتەوە، تەنها بەدەست بەرکەوتنی. کۆمپانیای ئەپڵ پێشتر توانیی تەکنۆلۆژیایەک پێشبخات، کە مۆبایلەکە توانای ناسینەوەی دەموچاوی بەکارهێنەرەکانی هەبوو، ئەمەش بەنزیککردنەوەی مۆبایلەکە لەدەموچاوی، ئیتر مۆبایلەکە دەکرێتەوە، بڕیاریشە ئەم تەکنۆلۆژیایە لەهەریەکە لەئامێری (ئایپاد)و (ئایفۆن)دا دابنرێت.

مۆبایلێکی نوێ بۆماوەی (15) ساڵ بەپاتری قەڵەمی کاردەکات

کۆمپانیایەکی مۆبایل، مۆبایلێکی نوێی بە ناوی "زە سبایرۆن" بەرهەمهێناوە کە بەپاتری قەڵەمی کاردەکات و بۆماوەی (15) ساڵی بەردەوام کاردەکات و شەحنی تێدا دەمێنێت. بەپێی هەواڵێکی سایتی یاهو مەکتوب، مۆبایلە نوێیەکە لە پێشانگای "سی ئی ئێس"ی ئەلکترۆنیدا لە شاری لاس فیگاسی ئەمریکا خراوەتەڕوو و خواستێکی زۆری لەسەر بووە، چونکە ئەو مۆبایلە بەکارهێنەران لە هەندێک هەڵوێست و کێشەی ناخۆش دووردەخاتەوە، کە بەهۆی تەواوبوونی شەحنەوە تووشیان دەبێت. سەرەڕای لاوازیی توانای تەکنەلۆژی مۆبایلە نوێیەکە، بەڵام ڕەنگە ئەوە ببێتە سەرەتایەک بۆ گۆڕانی سەردەمی بەکارهێنانی ئێستای پاترییەکانی لیسیۆم بۆ سەردەمی پاترییە قەڵەمییەکان.

هێدفۆن و مۆبایل کوشندەن

فەهمی محەمەد

لێکۆڵینەوەیەکی پزیشکی دەریخستووە مەترسی هێدفۆن و مۆبایل تەنها ئەو زیانانە نیە کەدەیگەیەنن بە گوێ و دەماغی بەکارهێنەر، بەڵکو بەکارهێنانیان لەکاتی ئۆتۆمبێل لێخوڕیندا ڕووداوی هاتوچۆی لێدەکەوێتەوە و هەڕەشەکە ئەوەش تێدەپەڕێنێت و پیادەکانیش دەگرێتەوە و ڕووبەڕووی مەترسی کوشندەیان دەکاتەوە. لێکۆڵینەوەیەکە ڕونیکردۆتەوە ئەو پیادانەی هێدفۆن و مۆبایل بەکاردەهێنن زیاتر لە کەسانی تر ئەگەری توشبوونیان بە کارەسات و برینداری مەترسیدار هەیە و تەنانەت مردنیشی لێدەکەوێتەوە. بەگوێرەی ئەو لێکۆڵینەوەیە، کەلەسەر ئاماری ڕووداوەکانی هاتوچۆ ئەنجامدراوە، (116) کەس لە ماوەی ساڵانی 2004 بۆ 2011 لە ئەمریکا بەهۆی ڕووداوی پەیوەندیدار بە هێدفۆن و مۆبایلەوە گیانیانلەدەستداوە و لەو ماوەیەدا ژمارەی گشتی بریندارەکان سێ هێندە بەرزبۆتەوە. بەگوێرەی ئەو تیمەی لێکۆڵینەوەکەی ئەنجامداوە ئەو پیادانەی هێدفۆن و مۆبایل بەچڕی لە کاتی ڕۆیشتندا بەکاردەهێنن ناتوانن گوێیان لەمەترسیەکانی ڕێگاوبان بێت لەوانەش لە کاتی پەڕینەوەدا ناتوانن گوێیان لە هۆڕن و زەنگی ئاگادارکردنەوەی شەمەندۆفێرەکان بێت و ناتوانن چاودێری هاتوچۆی ئۆتۆمبێلەکان بکەن. ڕاپۆرتەکە دەڵێت هێدفۆن بەکارهێنەر بەشێوەیەکی نیمچەتەواو لەدەوروبەریان دادەبڕێنێت و ئاماژەیکردووە بەوەی لەسەدا (29) ی ڕووداوەکانی شێلان بە ئۆتۆمبێل نەیانتوانیوە گوێیان لە هۆڕن بێت. لێکۆڵینەوەکە جەختیکردۆتەوە لەسەدا (68) ی قوربانیەکانی ئەو ڕووداوانە لە پیاوان و لەسەدا (67) ی قوربانیەکانیش لە خوار تەمەنی 30 ساڵیەوەن و لەسەدا (89) ی ڕووداوەکان لەناو شار و شارۆچکەکاندا ڕوویانداوە و لەسەدا (55) ی ڕووداوەکانیش پەیوەندی بە جوڵەی شەمەندەفەرەکانەوە هەبووە.

سەرچاوە: سی ئێن ئێن

کیبۆردێک خۆی لە بەکتریا و ڤایرۆس پاک دەکاتەوە

لەتوێژینەوەیەکی زانستیدا دەرکەوتووە، ماوس و کیبۆرد گەورەترین سەرچاوەی ڕاگواستنی بەکتریا و ڤایرۆسن و نەخۆشییە گوازراوەکان بەهۆی ئەوانەوە دەگوازرێنەوە، بەتایبەتی کیبۆرد و ماوسی ئیدارەکان کە چەندین کەس کاری لەسەر دەکەن.

ڕێکخراوی خۆراک و دەرمانی ئەمریکا بەم دواییە جۆرە کیبۆردێکی نیشاندا کە خۆی دوای تەواو بوونی ئەرکەکان پاک دەکاتەوە لەهەر چەشنە میکرۆب و ڤایرۆسێک.

کیبۆردەکە کە بەجۆری Vioguard ناسراوە، بەرهەمی دوو ئەندازیاری پێشووی مایکرۆسۆفتە. کیبۆردەکە بۆ خۆ پاککردنەوەی لەگڵۆپێکی سەرووی بنەوشەیی سوود وەردەگرێت. هەرکاتێک کە لەکیبۆردەکە سوود وەرناگیردرێت، لەشوێنی پاککردنەوەی دادەنێن و لەماوەیەکی کەمدا پاک دەبێتەوە.